٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).

٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

## وانەی (٤3)

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) حەزقیال |

**بە نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (حەزقیال ٢، 18 ، ٣3 ، 34)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ١٢: ١٦ |

بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **تیارامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن بۆ : ڕۆما ١٢: ١٦.

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) کیسە زێڕەکان ( دواکەوتنی گەورەی ماڵ) |

" نمونەی کیسە زێڕەکان " (نمونەی دواکەوتنی گەورەی ماڵ) لە مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ تایبەتە بە **خەڵاتکردن لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

لێکۆڵینەوە بۆ ئەم نمونەیە دەکەین خاڵ بەخاڵ بە بەکارهێنانی شەش ڕێبەری ڕێنماییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان ( بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ **بخوێنەوە** .

**<u>١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.</u>**

**پێشەکی** : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

**گفتوگۆ**: ئەو بنەما سەرەکیانە کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

**تێبینیەکان** .

گەورەی ماڵ مولکی خۆی دەداتە دەست کۆیلەکانی / خزمەتکارەکانی .

ئەم پیاوە بۆ هەر یەك لە کۆیلەکانی / خزمەتکارەکانی بڕێکی دیاریکراوی کیسە زێڕیان دەداتێ " کیسە زێڕ" پێوانەیەك بوو بۆ دراو، بەڵام خۆی لە خۆیدا دراوێکی دارایی بوو هەروەها ، نرخەکەی جیاواز بوو بەپێی ڕۆژ و سەردەمەکان . لە سەردەمی عیسادا کیسە زێڕی ئەغریقی لانی کەم بەرامبەر بە شەش هەزار دینار بوو ، وە یەك دینار کرێی ڕۆژانەی کرێکارێك بوو یان سەربازێك . ئەمەش واتە کرێکارێکی ئاسایی پێویستی بە بیست ساڵ بوو کاربکات بۆئەوەی یەك کیسەزێڕ بەدەست بهێنێت ! ئەم پیاوە خاوەن مولك وسامان بوو دەیویست پارەو مولکی زیاد بکات کاتێ خۆی لەوێ ئامادە نابێت .

گەورەی ماڵ بۆ هەر یەك لە کۆیلەکانی / خزمەتکارەکانی بڕێکی پێدان.

ئەم پیاوە زۆر دانا بوو دەیزانی خزمەتکارەکانی خاوەن ئەزمون نین و پسپۆڕو شارەزا نین لە جیهانی سەودوا مامەڵەو بازرگانی و وەبەرهێناندا ، بۆیە پێنج کیسە زێڕی دا بە یەکێکیان و دوو کیسەی دا بە یەکێکی دیکەیان و هەروەها یەك کیسەی دا بە سێ یەمیان . لەیادت بێت کیسە زێڕ نرخێکی کەمی نەبوو ، چونکە کرێی بیست ساڵ کارکردن بوو!

دوو خزمەتکار / کۆیلەیان وەربەرهێنانیان کرد بە کیسە زێڕەکان .

کرێکارەکانی یەکەم ودوەم ئەو بڕە پارەیە یان کیسە زێڕەی پێیان درا ، بڕەکەیان بەرابەر زیاد کرد . چیرۆکەکە باسی ئەوەمان بۆ ناکات چۆن و

چی کارێکیان کردوه . بەڵام ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی بە ڕێگەیەکی یاسایی و ئابڕومەندانە بەدەستیان هێناوە !

کۆیلە/ خزمەتکاری سێ یەم پارە یاخود زێڕی گەورەکەی شاردەوە.

کۆیلەی سێ یەم کەمتەرخەم بوو لەو ئەرکەی پێی سپێردرابوو. وە لەبەرئەوەی زۆرئاسان بوو تاڵانکردنی ماڵ یان دەرگا شکاندن و دزی کردن لێی زۆرجار گەنجینەکان لەدەرەوەی ماڵ لە زەویدا دەشاردرانەوە مەتا ٦: ١٩ ؛ ١٣: ٤٤ . ئەم کۆیلەیە بەبێ پاساو کەمتەرخەمی کرد لەبەرامبەر گەورەکەیدا و تەمبەڵی کرد .

کاتی هەق و حیساب .

کاتێ گەورەکە دەگەڕێتەوە لە گەشتەکەی بانگی کۆیلەکانی دەکات و حیسابیان لەگەڵ دەکات .

**<u>٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u>** .

**پێشەکی** : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

**أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا ٢٤: ١ـ ٢٥: ١٣ .**

عیسا لە مەتا ٢٤ فێرمان دەکات لەبارەی نیشانەکانی هاتنەوەی دووەمی و کۆتایی زەمانە ، کەس نازانێ ئەو ڕۆژوکات وکاژێرە مەتا ٢٤: ٣٦ . بۆیە

لەسەر هەر باوەڕدارێکە شەواره بگرێ و ئاماده بێت به تەواوەتی که بەهۆشمەندانه بژی وەك ئەوەی عیسای مەسیح لەهەر ساتێکدا بگەڕێتەوه مەتا ٢٤: ٤٢ ، ٤٥- ٤٦ . ئەمه چوارچێوەی سێ نمونەکەیه : نمونەی کۆیله دەستپاکەکان و کۆیله ناپاکەکان و ده پاکیزەکه (کچه داناکان وکچه گێلەکان) و دواکەوتنی گەورەی ماڵ (کیسه زێڕەکان). کاتێ عیسا دەفەرموێ "پاشایەتی ئاسمان له ... دەچێت " مەبەستی ئەوەیه فێرمان بکات لەبارەی ئەو ڕووداوانەی ڕووددەدەن له حوکمکردنی خودا لەسەر زەوی له ئێستادا وه ئەوەی ڕووددەدەن له کۆتاییدا له کاتی هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح هەموو ئەم ڕووداوانه له نمونەکاندا یەك بەیەك پێناسه کراون وه هەر یەك له نمونەکانی عیسا پەیامن بۆ من تۆ له ئەمڕۆدا !!!

ئەدی چی ڕوویدا لەگەڵ ئەم پیاوەو کۆیلەکانیدا / خزمەتکارەکانی له بارەی کیسه زێڕەکان ، ئەمه وێنەیەکی ڕوونه لەوەی ڕووددەدات له نێوان عیسای مەسیح و هەموو خەڵکی به درێژایی مێژوو . هەروەك چۆن گەورەی ماڵ گەڕایەوەو هەق وحیسابی کرد لەگەڵ کۆیلەکانی / خزمەتکارەکانی بەم شێوەیه عیسای مەسیح حیساب دەکات لەگەڵ هەر مرۆڤێك له مێژوودا کاتێ دەگەڕێتەوه بۆ سەر زەوی بۆ جاری دووەم.

## ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو له مەتا ٢٥: 14- 30 .

## ج. شرۆڤه یان جێبەجێکردنی نمونەکه له خودی چیرۆکەکەدایه .

نمونەکه وێنەیەکه بۆ شانشینی خودا لەسەر زەوی لەم سەردەمەی ئێستاماندا ، وه بەشێوەیەکی تایبەتی لەوەی ڕووددەدات لەکاتی هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح ، شرۆڤەو جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی تایبەت له

مەتا ٢٥: ٢٨- ٣٠ دایە . کاتێ خوداوەند عیسای مەسیح دبارە دەگەڕێتەوە حیساب لەگەڵ هەموو خەڵکیدا دەکات .

## ٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

**پێشەکی** : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن؟

**تێبینیەکان .**

شانشینی خودا مەتا ٢٥: ١- ١٤ .

شانشینی خودا سنوری کڵێسای بینراو دەبەزێنێ ، واتە جەستەی مەسیح یان کۆمەڵەی باوەڕدارانە ئەوانەی دان دەنێن بەوەدا کە سەر بە عیسای مەسیحن لەهەموو جیهان .

پێناسەی شانشینی خودا .

شانشینی خودا سنوری کڵێسای بینراو دەبەزێنێ ، واتە جەستەی مەسیح یان کۆمەڵەی باوەڕداران ئەوانەی دان دەنێن بەوەدا کە سەر بە عیسای مەسیحن لەهەموو جیهان . * زەبور ٢٤: ١ : بەشێوە گشتیەکەی، پاشایەتی خودا یان حوکم و دەسەڵاتەکەی لەئاسمان بەسەر هەموو

خەڵکیدا وەهموو شتێکدا لە جاویدانەوە تاهەتایە . زەبور ١٤٥: ١٣؛ ١٤٦: ١٠ یەرمیا ١٠: ١٠ ؛ ١تیمۆساوس ٦: ١٦ . * مەتا ٢٨: ١٨ : بەشێوە تایبەتەکەی ، پاشایەتی خودا یان حوکم و دەسەڵاتەکەی لەسەر زەوی لەڕێگەی عیسای مەسیحەوە یۆحەنا ١٣: ٣؛ ئەفەسۆس ١: ٢٠-٢٢ ؛ فیلیپی ٢: ٩- ١١ ؛ کۆلۆسی ١: ١٥- ٢٠ ؛ ئاشکراکردن ١: ٥ ؛ ١٧: ١٤؛ ١٩: ١٦ . * ئاشکراکردن ١: ٥- ٦ : پاشایەتی خودا لەسەر بناغەی کاری ڕزگاریی عیسای مەسیح ئەوەی تەواوی کرد لەهاتنی یەکەمیدا مەتا ٢١: ٣٩ ، ٤٢- ٤٣ ؛ ٢٨: ١٨ ؛ کردار ٢: ٣٦ ، وە جێبەجێکردن و کارا کردنی ئەم کارە بەهۆی باوەڕدارانەوەیە لەڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە ڕۆما ١٤: ١٧ . * لۆقا ١٧: ٢٠- ٢١ : پاشایەتی خودا واتە دەسەڵات و پاشایەتی عیسای مەسیح ئەوەی دڵەکان دەپشکنێ و پێشوازی لە باوەڕداران دەکات ، ئەوەی کارو کاریگەریەکانی لە ژیانی باوەڕداراندایە مەتا ٦: ١٠ ، ٣٣ ؛ ٢٥: ٣٤- ٤٠ .

شانشینی خودا لە چوار لایەنەوە دەردەکەوێت بە شێوەی بینراو : * مەرقۆس ١٠: ٢٥- ٢٦ : شانشینی خودا یاخود پاشایەتی خودا دەردەکەوێت لە ڕزگاریی باوەڕداردا لەسەرەتاوە تاکۆتایی : لە جاویدانەوە هەڵبژاردوە ئەفەسۆس ١: ٤- ٥ ، وە لەدایکبونەوەی دوەمی لە ئێستادا یۆحەنا ٣: ٣- ٨ ، وە گۆڕینی ڕوداوەکانی ژیانی ١کۆرنسۆس ٦: ٩- ١١ ، وە هەستانەوەی جەستەی کاتی هاتنەوەی دوەمی عیسای مەسیح ١کۆرنسۆس ١٥: ٢٤- ٢٦ . ئەم ڕزگارییە کە خودا دەیبەخشێت هەموو بەرەکەتە ڕۆحیەکان و ماددی و دەرونی و جەستە لە خۆ دەگرێت ئەوەی مرۆڤ ئەزمونی دەکات کاتێ هەست بە پاشایەتی خودا دەکات و ملکەچی دەبێت ئەفەسۆس ١: ٣ . * مەتا ١٦: ١٨- ١٩ : پاشایەتی خودا دەردەکەوێت لەنێو هەموو باوەڕداراندا کە یەك کڵێسای زەوی پێك دەهێنن ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٣٣ ؛ ١پەترۆس ٢: ٤- ٥ ، ٩- ١٠ . کڵێسا کۆمەڵەی باوەڕدارانە ئەوەی پاشایەتی خوداو دەسەڵاتەکەی لەنێو دڵیانەو لەژیانیاندا ملکەچن بۆی . * مەتا ٢٥: ٣٤- ٤٠ : پاشایەتی خودا دەردەکەوێت لەکارە چاکەکانی باوەڕداراندا لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی (کاریگەریان لە لاینەی بیرو هۆش وجەستەو

سۆزداری و کۆمەڵایەتی و ڕۆحی ، وەکو بەزەیی و دادپەروەری و خۆشەویستی ؛ ڕۆما ١٤: ١٧ . * ١ کۆرنسۆس ١: ٢٤- ٢٦ : کۆتایی ، پاشایەتی خودا دەردەکەوێت لەوەدا کە خۆی خۆبەختکارەو ئەوەی دەبێتە ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ لە شکۆمەندیەکەی داهاتویدا کاتێ کاری ڕزگاریی خودا تەواو دەکات لەوانەدا بانگی کردوون مەتا ٢٥: ٣٤ ؛ ٢پەترۆس ١: ١١ ؛ ئاشکراکردن ١١: ١٥ .

پاشایەتی خودا پێنج تایبەتمەندی هەیە : *مەتا ١٢: ٢٨ : شانشینی خودا بەشێوەیەکی تایبەت دامەزرا لە هاتنی یەکەمی خوداوەند عیسای مەسیح مەتا ٢١: ٤٣ . * یۆحەنا ١٨: ٣٦ : شانشینی خودا لەم جیهانەی سەردەمی ئێستادایە ، بەڵام سەر بەم جیهانەی ئێستا نیە لۆقا ١٧: ٢١ . * مەتا ١٣: ١١- ١٧ : شانشینی خودا ڕاگەیەنراو بۆ باوەڕداران ، بەڵام لەهەمان کاتدا نهێنیە بۆ بێباوەڕان .* مەتا ١٣: ٢٤- ٢٦ ، ٣٦- ٤٣ : شانشینی خودا شێوەی ئێستای هەیە لە سەر زەوی و شێوەی ئایندەی هەیە لە زەوی نوێدا . * مەتا ١٣: ٣١- ٣٣ : شانشینی خودا بە بچوکی دەست پێدەکات و گەشە دەکات و گەورە دەبێت بەشێوەیەك لەکۆتاییدا هەموو شتێك پڕ دەکات دانیال ٢: ٣٤- ٣٥ ، ٤٤- ٤٥ .

گەشتی پیاوەکە .

چونکە شرۆڤەو جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە تایبەتە بە شانشینی خودا لەکۆتایی زەمانەدا ، کاتێ عیسای مەسیح دەگەڕێتەوەو حیساب دەکات لەگەڵ هەموو خەڵکی ، ئیدی گەشتی ئەم پیاوە وێنەیەکە بۆ ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە پێش هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح وە تا هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح خودا ، پێویستە ئەوەی خودا داویەتە دەستی خەڵکەکە بەکاری بهێنن ، مەبەست لەم چیرۆکی نمونەیە دەرخستنی پوچەڵکردنەوەی ئەو بیروباوەڕەیە کە قوتابیەکان دەچنە ئۆرشالیم و دەوڵەتێکی بەهێز دروست دەکەن بۆ ئیسرائیل کردار ١: ٦ هەروەها بڕوانە یۆحەنا ١٨: ٣٦ ؛ ١کۆرنسۆس ١٥: ٥٨ .

خاوەن کیسە زێڕەکان و بریکارەکان .

ئەم کیسە زێڕانە مۆڵکی گەورەکە بوون وە کۆیلەکان/ خزمەتکارەکان کە بریکار بوون درایە دەستیان تاوەکو بەکاری بهێنن و وەربەرهێنانی پێوە بکەن ، داوایان لێکرا کە بەرهەمەکەی زیاد بکەن چەند بەرابەر ، ئەم خاڵە گرنگە لە نمونەکەدا . گەورەکە تاقە خاوەندارى کیسە زێڕەکانە وە کۆیلەکان تەنها بریکارن و دراوەتە دەستیان و بەرپرسیارن لەبەردەم گەورەکەیان کە حیسابیان لەگەڵ دەکات لەسەر بریکاریەکەیان !

پیاوەکە بۆ هەر یەکێکیان بەپێی تواناو توانستی خۆیان پێی بەخشین.

ناکرێ کیسە زێڕەکان ئاماژە بن بۆ توانای سروشتی یان بەهرەی ڕۆحی مەتا ٢٥: ١٥ .

دوان لە کۆیلەکان وەبەرهێنانیان کرد بەو پارەوە کە پێیان درابوو.

ژمارەی کیسە زێڕەکان گرنگ نین بەڵکو گرنگ ئەوەیە کۆیلەکان چی پێدەکەن بەوەی وەریان گرتوە ! ئەم خاڵە گرنگە لە چیرۆکی نمونەکەدا ، چونکە لە ڕۆژی کۆتاییدا چەندین جۆر دەرفەتێك نادرێت بە مرۆڤ ئەمە خاڵێکی گرنگە ، گرنگ ئەوەیە تا چەند هەر یەکێك وەبەرهێنان دەکات و ئەو بڕي زیاد دەکات کە پێی دراوە و لەبەردەستیدایە !

کۆیلەی سێ یەم پارەی گەورەکەی شاردەوە .

کۆیلە/خزمەتکاری سێ یەم کەمتەرخەمی کرد و سودی لە دەرفەتەکەی نەبینی بۆ تەواوکردنی ئەوەی پێی سپێردرابوو لە خزمەتەکەی /کارەکەیدا! ئەم کۆیلەیە گوناهی کەمتەرخەمی ئەنجام دا واتە ئەوەی نەکرد کە فەرمانی پێکرابوو . ئەم خاڵە گرنگە لە نمونەکەدا ، مەتا ٢٤: ٤١- ٤٥ ؛ یاقوب ٤: ١٧ .

هەق وحیساب کردن .

حیساب کردن لەگەڵ کۆیلەکان / خزمەتکارەکانی بابەتی دوبارەیە لە نمونەکەدا ، ئەم بابەتە لە کۆیلەی بێ بەزەییدا هەیە لە مەتا ١٨: ٢٣ ، وە نمونەی بریکارە خراپەکارەکان مەتا ٢١: ٣٤ وە نمونەی کیسە زێڕەکان مەتا ٢٥: ١٩ ، وە نمونەی دە دەستپاکەکان لۆقا ١٩: ١٥ بۆیە بۆ هەر

كۆیلەیەك / خزمەتكارێك ئەركێك هەیە و هەمیشە بەیادی دەهێنێتەوە كە ئەو حیسابی لەگەڵ دەكرێت ! ئەم خاڵە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە نمونەكە .

هەمان خەڵاتكردن بۆ ئەركە جیاوازەكان .

ئەم خاڵە گرنگە لە نمونەكەدا ، چونكە دوو كۆیلەكە دەست پاك بوون لەو كەمەی پێیان درابوو ، خودا كردیانی بە بەرپرسی كاروباری زۆر . هەردوكیان ئەو بڕەی پێیان درابوو زۆریان كرد ، بۆیە هەمان خەڵاتیان وەرگرت . وێنەیەكە بۆ چوونە نێو خۆشی خوداوەند و خۆشی ئاسمان .

سزای كەمتەرخەمەكە .

ئەم خاڵە گرنگە لە نمونەكەدا . كۆیلەی خراپەكار سزا درا لەسەر تەمبەڵیەكەی بە سزایەكی قورس . وە فڕێ درایە نێو تاریكی و دەرەوە ، كە لەوێدا گریان و ناڵە وهاوار هەیە ، وێنەیەكە بۆ ئازارو ئەشكەنجەی دۆزەخ .

بنەمای خەڵات و سزا .

بنەمایەكی گرنگ هەیە لە شانشینی خودا ئەویش : "ئەوەی هەیەتی، پێی دەدرێت و لێی دەڕژێ، بەڵام ئەوەی نییەتی تەنانەت ئەوەی هەشیەتی لێی دەسەنرێتەوە " مەتا ٢٥: ٢٩ ؛ لۆقا ٨: ١٨ ؛ ١٩: ٢٦ . ئەم خاڵەش هەروەها گرنگە .

یەكەم ، ئەم بنەمایە بۆ ڕاسپاردنەو كەمتەرخەمی تیایدا یان خەڵاتكردنی، بڕوانە لۆقا ١٠: ٢٩- ٣٧ ؛ گەڵاتیە ٦: ١٠ ؛ ١سالۆنیكی ٥: ١٥ ، ئەمەش جێبەجێ دەكرێت بەدڵنیاییەوە لە كاروباری ڕۆحیدا .

بڕوانە یۆحەنا ١: ١٧ بۆ بەرەكەتە زۆرەكان كاتێ مرۆڤ شتێكی پێ دەدرێت و سەرڕاستانە مامەڵەی لەگەڵ دەكات ئیدی زیاترو زیاتر بەهێز دەبێت و كاریگەری دەبێت . بڕوانە مەرقۆس ٤: ٢٤- ٢٥ هەر كەسێك وشەی خودا بخوێنێتەوە بەرەكەتی زیاتری دەست دەكەوێت بڕوانە مەتا ١٣: ١١- ١٢ وە مەرقۆس ٤: ١٣ هەركەسێك دڵی بكاتەوە بۆ وشەكانی خودا و پێشوازی بكات لە وشەكانی خودا سی بەرابەر بەڵكو سەد

بەرابەر وەردەگرێت . بڕوانە مەتا ٧: ٧- ٨ هەركەسێك نوێژ بكات وەڵام دەدرێتەوە بڕوانە یاقوب ٤: ٢- ٣ هەركەسێك نوێژ بكات وداوا بكات دەستی دەكەوێت .وە بڕوانە پەندەكان ١١: ٢٤ و لۆقا ٦: ٤٦ هەركەسێك ببەخشێت زیاتری پێ دەبەخشرێت وە هەركەسێك دەستی بگرێتەوەو نەبەخشێ ئەوەشی كە هەیەتی لەدەستی دەدات . وە بڕوانە مەتا ٢٥: ٢٩ هەر كەسێك ئەو دەرفەتانەی بەكار بهێنێ وبقۆزێتەوە كە خودا پێی دەبەخشێت دەرفەتی زیاتری دەدرێتێ بەڵام نابێت كەمتەرخەمی بكرێت لە دەرفەتەكاندا .

دوەم ، ئەم بنەمایە هۆشداریە كە ناپاكی و كەمتەرخەمی سزای هەیە . تۆ كە باوەڕداریت واتە دەرفەتت دراوەتێ بۆ بونیادنانی گیانت و گەشەكردنت هەروەها بۆ خزمەتی خوداو گەورەكەت ، باوەڕداریی ئەندامێك نیە جیابوبێتەوە لە جەستەی مەسیح (كڵێسا) بەڵكو ئەندامێتی بەشداری دەكات لە گەشەی جەستەو لەگەڵ جەستەدایە ، وە هەر ئەندامێك بەشداری نەكات لەوەدا دەمرێت !

كاتێ مرۆڤ ڕاسپاردەیەكی پێدراو سەرڕاست نەبوو تیایدا ئیدی ئەو دەرفەتەی لێ وەردەگیرێتەوە (هۆشەع ٤: ٦ ؛ مەتا ٨: ١٢؛ ٢١: ٤٢- ٤٣ !

## ٤. پەیامی سەرەكی نمونەكە دیاری بكە .

**پێشەكی** : پەیامی سەرەكی نمونەكە لە شرۆڤەو جێبەجێكردندایە یاخود دەكرێ كورتبكرێتەوە لە خودی نمونەكەدا . وە بە تێڕوانین لە شرۆڤەكەی عیسای مەسیح بۆ نمونەكە یان جێبەجێكردنی دەزانین چۆن دەبێت ڕاڤە بۆ نمونەكە بكەین .

**ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە** : پەیامی سەرەكی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

نمونەی کیسە زێڕەکان یاخود دواکەوتنی گەورەی ماڵ لە مەتا ٢٥ : ١٤ - ٣٠ فێرمان دەکات لەبارەی خەڵاتکردن لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : دەبێت خەڵکی دەستپاك وسەرڕاست بن لەوەی پێیان دەدرێت و لەو دەرفەتەی پێیان دەبەخشرێت بەپێی بەهرەو توانستە سروشتیەکانیان وبەهرە ڕۆحیەکانیان ، خودا خەڵاتی ئەوانە دەکات کە بەهەوڵ وتێکۆشانەوە کاردەکەن وسزای ئەوانەش دەدات کەمتەرخەمن .

دەستپاکی و سەڕاستی لەوەی پێت دەبەخشرێت وەکو ڕاسپاردن بنەمایەکی سەرەکیە لە شانشینی خودا . گەلی شانشینی خودا هەوڵ دەدەن وتێدەکۆشن لەوەی تایبەتە بە دەرفەت و خودا پێیان دەبەخشێت .

## ٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوەو فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگادار بە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشكراى بكەو گفتوگۆى لەبارەوە بكە : هەريەك لەم بەشە كتێبيانە چيمان فێر دەكات بە بەراورد لەگەڵ ئەوەى نمونەكە فێرمان دەكات ؟

بريكارييى كردنمان لەم سەردەمەى ئێستا . بڕوانە پەيدابوون ٣٩: ٢- ٦ ؛ لۆقا ١٦: ٢؛ ١كۆرنسۆس ٤: ٢، ٧ ؛ ٢كۆرنسۆس ٥: ١٩- ٢٠ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٠ .

سەرەتا ١كۆرنسۆس ٤: ٧ بخوێنەوە .

بريكارييى تەنها لەو كاتەدا دەبێت كە پێش هاتنەوەى دووەمە . بڕوانە مەتا ٢٤: ٩- ١٤ ؛ ٢٥: ٥، ١٩ ؛ ٢سالۆنيكى ٢: ٢- ٣ ؛ ٢پەترۆس ٣: ٤- ٩ ؛ ئاشكراكردن ٢٠: ١- ٣، ٧- ١١ . مەتا ٢٥: ١٩ ئەم خاڵە گرنگە لە نمەكەدا كە پێش هاتنەوەى گەورەكە لە خۆ دەگرێت نەك تەنها لەم نمونەيەدا بەڵكو لە هەموو كتێبى پيرۆزدا دەبينين كە ماوەكە درێژە .

لێپرسينەوە لەگەڵ بريكارەكان لە ڕۆژى كۆتاييدا . بڕوانە كۆمكار ١٢: ١٤ ؛ مەتا ٢٥: ١٩ ، ٣٥- ٤٥ ؛ لۆقا ١٢: ٤٧- ٤٨ ؛ ڕۆما ٢: ١٦ ؛ ٢كۆرنسۆس ٥: ١٠ ؛ ئاشكراكردن ٢٠: ١٣ . دەبێت هەموو خەڵكى حيسابى لەگەڵ بكرێت لە ڕۆژى دواييدا .

خودا ئەوە دروێنە دەكات كە چاندويەتى .

دەرچوون ٥: ٧- ٩ ؛ ١پاشايان ١٢: ١١ ؛ مەتا ٢٥: ١٥ بخوێنەوە .

ئەو پاساو و بيانوانەى مرۆڤەكان پێشكەشى دەكەن لەوەى بريكارييى ڕەتبكەنەوە .

مەتا ٧: ١٥- ٢٣ ؛ ٢٢: ٥؛ ٢٥: ٢١ ، ٢٣ ، ٤٤- ٤٥ ؛ لۆقا ١٣: ٢٦- ٢٧ ؛ ١٤: ١٨- ٢٠ بخوێنەوە .

بەپێی مەتا ٢٥: ٢٤- ٢٥ کۆیلەکە/ خزمەتکارەکە کەمتەرخەمی نەکرد لە ئەرکەکەیدا لەبەرئەوەی خۆی بەکەم زانیبێت بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکە بەڵکو بەهۆی ئەو گومانەی دڵی پڕ کردبوو !

بەپێی لۆقا ١٣: ٢٦- ٢٧ هەندێ کەس بە درۆ بانگەشەی ئەوە دەکەن سەر بە عیسای مەسیحن وەك چۆن لەگەڵیدا نانیان خواردو گوێیان لە فێرکردنەکانی گرت بەڵام عیسای مەسیح پێی ووتن ئەوان ناناسێت .

هەندێك تەنها بە دەمیان باس لە پەیوەندیان بە عیسای مەسیحەوە دەکەن بەڵام باوەڕداری ڕاستەقینە بە خواستی خودا کاردەکات نەوەك تەنها بە دەم و سەرزارەکی . مەتا ٧: ٢٢- ٢٣ باس لە پەیوەندی نێوان قوتابیەکان و ئەوانە دەکات کە کاری پەرچوو دەکەن و بە درۆ خۆیان بە مەسیحی دەزانن . لەگەڵ هۆی ئەوانە بەناوی مەسیحەوە بانگ دەکەن و دەتوانن پەرجوو بکەن بەڵام مەسیح بانگی نەکردوون دواتر بێتوانیان ناکات و ڕزگاریان ناکات ، پێدەچێ ئەوانە ئاینەکەیان پەیڕەوبکەن بە پشتبەستن بە شەیتان وهێزی شەیتان .

بەپێی مەتا ٢٥: ٤٤- ٤٥ بڕوانە ئەو خەڵکانە چی دەڵێة لەبارەی عیسای مەسیحەوەو هەروەها عیسای مەسیح چیان پێ دەڵێت و چۆن باسی باوەڕداران دەکات وەك بریکاری خۆی لەوەی دەیکەن لەگەڵیاندا .

وە بەپێی مەتا ٢٢: ٥ . هەندێ خەڵکی دەڵێن ئەوان کاتیان نەبوە بۆ کاروباری ڕۆحی وە زۆر سەرقاڵ بوونە بەکاروباری سەر زەویان وە بەپێی لۆقا ١٤: ١٨- ٢٠ خەڵکەکە جۆرەها پاساو دەهێننەوە بۆ بە دەنگەوە نەچونیان بۆ پەیامی عیسای مەسیح .

خەڵاتکردنی بریکار لە بریکاریەکەیدا .

مەتا ٢٥: ٢١- ٢٣ ؛ ٢تیمۆساوس ٤: ٨ بخوێنەوە .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

دەبێت هەموان خودا و سروشتەکەی بناسن .

خودا بە نیعمەتی خۆی هەموو باوەڕدارێك خەڵات دەکات لە حوکمدانی کۆتاییدا . بەڵام ئەم خەڵاتانە هەموی کە دەدرێت بۆ ئەوە نیە کە باوەڕداران شایەنین ، بەڵکو هەموو شتێك پشت دەبەستێت بە خۆشەویستی و هێزو نیعمەتی خودا ، ئەفەسۆس ٢: ١٠ !

هەموو باوەڕداران پێویستە بزانن چی بن و چۆن دەبێت بژین .

گرنگ ئەوەیە خزمەتی خودا بکەین بە سەرڕاستی و هەوڵ وتێکۆشان ؛ گەلی راستەقینەی خودا سەرڕاست و دەستپاکن لەوەی تایبەتە بە دەرفەت و ئەو توانایەی خودا پێیان دەبەخشێت ، بڕوانە پاشکۆی ٢ :نمونەی کیسە زێرەکان".

بنەمایەکی گرنگ .

بنەمایەکی گرنگ هەیە لە شناشینی خودا ئەویش : ئەوەی هەیەتی، پێی دەدرێت و لێی دەڕژێ، بەڵام ئەوەی نییەتی تەنانەت ئەوەی هەشیەتی لێی دەسەنرێتەوە . مەتا ٢٥: ٢٩ . کەمتەرخەمیمان لە بەکارهێنانی ئەوەی خودا پێی بەخشیوین وا دەکات ئەوە لەدەست بدەین کە تایبەتە بە ئایندەمان ، بەڵام بەکارهێنانمان بۆ ئەوەی خودا پێی بەخشیوین بە دەستپاکانەو سەرڕاستانە ئیدی گەشە دەکەین و زیاد دەکەین ودەوڵەمەند دەبین لە ڕۆحدا !

| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەكانی خودا بێت** |
|---|---|

**بە نۆرە نوێژ بكەن** ، نوێژێكی كورت ئەوە دەربخات كە ئەمڕۆ فێربوون . یان كۆمەڵەكە بكە بە دوو یان سێ كۆمەڵ و نوێژێك بكەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت كە ئەمڕۆ فێربوون .

| ٦ | **ئەركی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |
|---|---|

**ڕابەری كۆمەڵەكە .** ئەركی داهاتوو بدە بە ئەندامانی كۆمەڵەكەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بكە لە پەڕاوەكانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی كڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێركردن ، یان وانە دابەشكردن (لەگەڵ كەسێكی تر یان لەگەڵ كۆمەڵێكدا) فێركردنی پەیوەست بە نمونەی " دواكەوتنی گەورەی ماڵ / كیسە زێڕەكان ".
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە حەزقیال ٣٦، ٣٧، ٣٨ ، ٣٩. باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .
٤- لەبەركردن : پێداچوونەوە بكە بۆ دوایین ئەو پێنج ئایەتەی لەبەرتكردوون .
٥- وانەی كتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی كتێبی پیرۆز ئامادە بكە لە ماڵەوە : ڕۆما ١٤: 1- ٢٣. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێكۆڵینەوەی كتێبی پیرۆز بەكار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەكانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بكە بۆ كەسێكی دیاریكراو یان شتێكی دیاریكراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بكە خودا چی دەكات ( زەبور ٥: ٣).